سەرۆک کۆماری عێراق: پیرۆزبایی جێژن لە هەموو عێراقییەک دەکەم



عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆککۆماری عێراق، ئەمڕۆ شەممە بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزان پیرۆزبایی لە گەلی عێراق کرد و جەختی لە گرنگی هاودەنگیی نێوان هاووڵاتیان و کارکردنی هاوبەش بۆ چەسپاندنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و باشترکردنی ئاستی ژیان کردەوە.

سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا باڵاوی کردەوە، سەرۆک کۆمار عەبدولەتیف جەمال ڕەشید، بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆز پەیامێکی باڵاو کردووەتەوە تێیدا ، پیرۆزبایی ئاراستەی خەڵکی عێراق و تەواوی موسڵمانانی وڵاتانی ئیسلامی دەکات، لە خودا دەپاڕێتەوە کە "بە خێشی و بەرەکەت بیگەڕێنێتەوە بۆ عێراق و گەلەکەی.